نرخی نەوت بەردەوام لەبەرزبوندایە

نرخی یەک بەرمیل نەوتی برەنت بەرەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە 15 سەنت بەرزبووەوە و بە 89 دۆلار و 51 سەنت مامەڵەی پێوەکرا.

نرخی یەک بەرمیل نەوتی سووکی تەکساسی ئەمریکا بە هەمانشێوە بەرزبووەوە و بە 85 دۆلار و 59 سەنت مامەڵەی پێوەکرا.

هەردوو نرخی نەوتی برەنت و نەوتی سووکی تەکساس لە ماوەی 4 ڕۆژی ڕابردوودا بەردەوام بوون لە بەرزبوونەوە. ڕۆژی چوارشەممەش گەیشتنە بەرزترین ئاستیان لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا.

سەرکی بانکی ناوەندیی ئەمریکاش جەختی لەوە کردووەتەوە کە سوورن لەسەر دابەزاندنی سوودی بانکی، ئەوەش بە ئەرێنی کاریگەری لەسەر نرخی نەوت داناوە.